www.kurdistannet.org
5-2-2006 13:04بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

مامۆستایانی زانکۆ خوێنەوارن یان نا؟! ... د. ئاوات محمد ئەمین

Awat73@hotmail. com

دەڵێن زانکۆ کایەیەکی گرنگ وهەستیارە وپێشکەوتن ودواکەوتن پەیوەستە پێیەوە، وهەر زانکۆشە دەبێتە ڕوو بیانای ئایندە ولەوێوە نەوەی نوێ سەیری دونیایی ئێستا دەکات وپلان ونەخشە بۆ داهاتووی نزیك ودوور دادەڕێژێت، ئەمەش بەمەرجێك کاراکتەرەکانی ناو ئەم کایە هەستیارە هەموو یان زۆرینەی کەسانی لێهاتوو پسپۆڕ وپیتۆڵ بن، تاوەکوو لەو ڕووگا فیکریانەوە زانستخوازان خۆراکی هزرو فیکریان هەڵبژێرن.

چەندی زانکۆ گرنگە دوو ئەوەندە کاراکتەرەکانی نێو ئەم ناوەندە گرنگن، تاوەکو ئەو نەوەیەیی لەژێر ڕێنمایی مامۆستایاندا پەروەردە وزانست وەردەگرن کەسانی لێهاتوو وبەتوانا بن وبتوانن خزمەتی گەورە بەخاك وخەڵك ونیشتمان ببەخشن، خۆ ئەگەر وانە بوو مەبەستم توانای مامۆستایانە بێگومان ئەوانەشی کەدەست پەروەردەیان دەبن بەهەمان شێوە دەردەچن، کەواتە پێویستە مامۆستای زانکۆ مامۆستا بێت وهەمیشە لەخەمی خۆ پڕ چەك کردندا بێت بەزانیاری نوێ وگەڕان بەشوێن شێوازە نوێکانی گەیاندن وبڵاوکردنەوەی زانست وزانیاریی.

ئێستا لەبواری پزیشکیدا جۆرێك لە بڕوانامە داهاتووە کە تەنها بۆ پێنج ساڵ دەدرێت پاش ئەوە دکتۆرەکە دەبێت بچێتەوە تاقیکردنەوەیەکی گشتیەوە بۆ هەڵسەنگاندنی زانیاریە نوێکانی ئەگەر دەرچوو ئەوا بۆ چەند ساڵێکی تر بۆی تازە دەکرێتەوە خۆ ئەگەر سەرکەوتوو نەبوو ئەوا دەبێت خەمی خۆی بخوات تاوەکو بڕوانامەکەی لی نەسەنرێتەوە.

دەمەوێت لەم پێشەکیەوە ئەوە بپرسم کە ئایا بزوتنەوەی ڕۆشنبیری نێو کۆمەڵگای کوردەواری خاوەن بڕوانامە بەرزەکان پێشەوایەتی دەکەن؟ یان ئەمان لە دۆڵێك وئەم پێشەوایەتییە لە دۆڵێکی تر؟ بەهەر حاڵ ئێستە من نامەوێت باس لە گرنگی نوسینی لێکۆڵینەوە وبابەتی هەمەچەشنە بکەم لەلایەن مامۆستایانی پسپۆڕەوە بەئەندازەی ئەوەی کە دەمەوێت بزانم کە ئایا ئەم مامۆستایانەی کەلەزانکۆدان چەندی بەئاگان لە بزاوتنی ڕۆشنبیری کوردی؟ وچەندیش هەوڵیان داوە کە بەئاگا بن لەو گۆڕانکاریانە کە دێتە ئاراوە، نازانم لەوانەشە بەهەڵەدا چووبم بەڵام هەموو سەرەداوەکان ئاماژە بۆ ئەو ڕاستیە دەکەن کە مامۆستایانی زانکۆ بەو موتابەعەی کە ئێستا هەیانە بۆ حەرەکەی ڕۆشنبیری کوردی وبەشداریان تیایدا لەهەندێك حاڵەتدا هاوتایە لەگەڵ هەوڵی قوتابیان وخوێندکاران، وبەداخەوە دەڵێم لەهەندی جومگە وشوێندا قوتابیان باشترن لەمامۆستایان.

لێرەدا دەمەوێت ئەم خاڵە بوروژێنم وبیکەمە چەقی ئەم بابەتە وکۆتایشی پێ بێنم کە گوایە بۆچی مامۆستایی زانکۆ پێشەنگایەتی ئەم ڕەوتە ڕۆشنبیرییە ناکات؟ یاخوود بۆچی هەوڵ نادات شوێن دەستی خۆی لەناو ئەم کۆمەڵگایەدا دیاریی بکات؟.

گەر کار وا بڕوات من ڕاشکاوانە بەمامۆستایانی زانکۆ دەڵێم ئێوە نەخوێندەوارن بە حوکمی پلە وپایە وشوێنتان، جا بۆ ئەوەی لەم نەخوێندەوارییە ڕزگارمان ببێت پێویستە ئەم بابەتە بەهەند بگرین کە مامۆستایان هەڵبنرین کە ڕۆڵی لەبەرچاوو ببینن لەم بوارەدا.

دەبا مۆستایانی زانکۆ خوێنەر وپێشەنگی خوێنەران بن وهەڵگری مەشخەڵی ڕۆشنبیری وزانیاریی بن لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا، وبا دوور بن لەوەی کە ناوزەد بکرێن بە نەخوێنەواری ئاستی زانکۆ.